# ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری ژمارە 1

داوی کۆبونەوەی جەماوەریەکەی خەڵکی شاری سلێمانی کە 500 کەس بەشداری تێداکردبوو،بەشێکی زۆر لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆی شاری سلێمانی و ڕۆژنامەکان هەواڵ و ڕاپۆرتی کۆبونەوەکەیان بڵاوکردەوە و چاوپیکەوتنیان لەگەڵ نوێنەرانی دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی شاری سلێمانی بڵاوکردەوە.

وە سەعات 10 بەیانی ڕۆژی یەکشەممە 18/09/ 2005 دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی شاری سلێمانی کۆبونەوەی خۆی بەست بۆ باسکردن لەسەر ئاکامەکانی کۆبونەوەی جەماوەری پارکی ئازادی .

بریاری کۆبونەوەکە بریتی بوو لە سەردانی پارێزگای سلێمانی بۆخستەڕووی یاداشتەکە و داواکردن بۆ جێبەجێکردنی لەلایەن پاریزگارەوە.

هەروەها کۆبونەوەکە لەسەر کار و باری ئیعلام و فراوانکردنەوەی دەستەکە و کۆبونەوەی فراوانی دەستەکە چەند بڕیاری تری دا.

هەورەها سەعات 1 نیوەڕۆ وەفدێکی دەستەی داکۆکی سەردانی پاریزگاریی سلێمانیان کردوو و چاویان کەوت بە جێگری پارێزگاری سلێمانی (جوتیار ). دوای پیشکەشکردنی یاداشتنامەکەی کۆبونەوەی جەماوەری پارکی ئازادی ، قسەوباس کرا لەسەری. جێگری پارێزگار ڕای گەیاند کە پشتیوانی لەو داواکاریانە دەکات و نەخشەیەکی عەمەلی بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکاریانە ڕۆژی 4شەممە پێشکەش دەکەن لە کۆبونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ دەستەی داکۆکیکردن لە داخوازیەکانی خەڵکی شاری سلێمانی بە بەشداری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی. هەروەها میکانیزمی هاوبەشی پاریزگاریی سلێمانی و دەستەی داکۆکیکردن باس دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیە و ئەنجامی ئەم کۆبونەوانە بەڕەسمی و بە شێوەی هاوبەش ڕادەگەیەنن.

## دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی شاری سلێمانی

2005/09/18

-----------------------------------------------------------------------------------------------